ئەدیب و نووسەری لەبیرچوو

جیمۆبێ ناو
١٩١٠ - ١٩٨٢

مصطفى نەریمان

نزیکەی سەد سالێك لەمەوپێش شێخ عمری ضیاء الدین لەبیارەوە بەرەو بەغداد ئەچێت . لەرێگە لەو شارانەی لای دابوو وەك (کفری . خانەقی . قزرابات) ئەمر ئەکات سەرو خانەقایەك دروست ئەکەن . لە کفری (مەجیدپاشای بابان) پارچە ئەرزێکی خۆی ئەبەخشێت و دانیشتوانی شاریش بەبار بۆ خانەقایەکی پوختە دروست ئەکەن . کە شێخ لەو سەردوە پاش سەفەرە درێژخایەنەکەی ئەگەرێتەوە ئەبینێت وا خانانەقاکە دروستکرا . زۆری پێ خۆش ئەبێت . شێخ (نظام الدین)ی کوڕی و مەلائەحمەدی باوەرپێکراوی [illegible] دائەنێت . ئەوەبو مفتی ئەو سەردەمەی کفری (اسماعیل أفندی محمود) کچەکەی [illegible] لە شێخ نظام الدین مارە ئەکات و ئەمیش شێخ خالدی ئەبێت . مەلائەحمەدیش لەکفری ژن ئەهێنێ (ابراهیم)ی ئەبێت کەبوو بە (مەلاوحاجی) بە (حاجی مەلا برایم) شۆرەتی وەرگرت و بووبە پێش نوێژی هەمان خانەقا مێژوی دروستکردنی خانەقا سالی ١٣٠٧ی کۆچی یەو ئەو مێژووە لەسەر بەردە مەرمەرەکەی سەر دەرگاکەی هەلکەندراوە .

لەحاجی مەلابرایمیشەوە مەلاجەمیل ئەبێت و ئەچێتە بەر خوێندن و زانستێکی باش وەرئەگرێ و بە (جەمیلی حاجی برایم) ناوبانگ دەرئەکات . لەسی یەکانەوە ئاشنایەتی و هام شەهری و برادەریم لەگەل مەلا جەمیلدا هەبوو کتێبمان لەنێواندا ئەگۆرایەوە لە ئەدەب و مێژوو فەلسەفە دەستێکی درێژی هەبوو عەرەبی . تورکی فارسی و هەندێکیش ئنگلیزی دەزانی لە سلێمانی و کەرکوك و کفری مەلایەتی کردووە و خارجی مەلایەتیش فەرمانبەری لەدایەرەی نەوتدا کردووە . مەلاجەمیل زۆر چالاك و زیرەگ و بەتوانا بووە . کتێب و رۆژنامەو گۆڤارە کوردی یەکانی ئەخوێندەوە لەچلەکاندا نوسینی لە گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩ ١٩٤٩) بە ناونیشانی (جیمۆبێ ناو) بلاوکردوەتەوە . وەك ئەو نوسینەی کەوا لەژمارە(٥) سالی ١٩٤٤ دا بە ناونیشانی (کۆمەلی پێشو) بلاوکردوەتەوە تیادا ئەلێت (لە کۆمەلی بە شەردا کۆمەلی عائلة لەهەمو کۆنترو طبیعی ترە . هەر لەم وێنەیەدا مندالەکانیش لەبۆ پارێزگاری ژیانیان تاوەکو پێویستی یان بێت بە باوکیانەوە بەستراون . هەر لەکاتێکا ئەم پێویستی یەیان نەما جیا ئەبنەوە . جا ئەو وەختە هەرووەکو مندال بە سەربەستی فکری خۆی رەفتار ئەکا باوکیشی لە چاوێری کوڕەکەی رزگار ئەبێ چ باوك چ کوڕ هەر یەکە بۆ خۆیان رەفتارێك ئەگرن ئەگەر هاتو جیا نەبوونەوە ئەویش دیسان شتێکی طبیعی نی یە بە بەئارەزوی خۆیانە ....) .

(جیمۆبێ ناو) ئەم نوسینەی بەپارچە شیعرێك دوای ئەهێنێت ئەمەش چ نموونەیەکێتی :

گەر نەکەی دەرمانی دەردت تۆبزانە ئەی خومار :
زۆر بە دەستی دینو پێ بەندت ئەکا ئەنجامی کار
تۆبە نەکۆر ئەو بە ئاغا . تۆ حەمال و ئەو توجار :
هەر بلێ (بەختم رەشە جاچی بکەم) ئەی شەرمەسار

* * *

هەلدرە بەرگی بێکاری. مەستی بەسیە دەردەدار :
مەستی زانین بە بەبرهۆش وەرە مەیدانی کار
مردنی خۆشت لەبۆ ئەم نیشانە بێتە کار:
راپەرە وەك (جیمۆبێ ناو)مەگرە تۆ دەرکی کەنار

هەر وەها جیمۆبێ ناو بە ناونیشانی (بەربەرەکانی ژیان) لەژمارە (١٢ سالی ١٩٤٣دای گۆڤاری (گەلاوێژ)دا نوسینێکی بلاوکردوەتەوەو شیعرانە کۆتایی پێ هێناوە :

نۆ فرێدە بەرگی بێکاری بلێ وا هەلدەسم :
دەسد ەشمێری مەعارف پەیکە دوژمن سەر بەسەر
گەر بمێنێ هەر لە تاریکی نەزاندن وەکو کوێر :
چەندە چالت بۆ دەکەن گەر تێکەوی نایەیتە دەر
حەز دەکەم زۆر من ببینم شیوەی خۆباشی تو :
تیشکی زانستت بکاتن دوژمنانت کوێرو کەر
جا دەبینی (جیمۆبێ ناو) خۆی لەپێش گشت کەسێ :

سینەکەی بۆ تیری دوژمن دائەنێتن وەك سوپەر جەمیلی حاجی ؛ (جیمۆبێ ناو)لەپەنجاکاندا بەمەلایەتی نەقل سلێمانی کرا . لەوێ بەجارێك سەرم لێ ئەداو هانم ئەدایە سەرنووسین . بینیم چەند کتێبێ مێژویی بە دەستەوەیە لەوانە مێژوی (شەری ئەهلی صەلیب) ئەوەند پێ نەچوو توانی بەرگی یەکەمی ئەوکتێبە لە سالی ١٩٥٩ لەچاپ بد

کتێبەکە بریتی‌یە لە (١٦٨) لاپەڕەو بەناونیشانی (مێژوی) شەڕی ئەهلی صەلیب‌و قارەمانی کورد صلاح الدین ئەیوبی) دانەری (محمد جمیل نعمانی)مدرسی مزگەوتی (علی نظامی) .

دوای ئەوەی (مەلاجەلالی‌مەلائەحمەد) کتێبە کە پێشکەش ئەکات شاعیری بەناوبانگ (کامەران) ئەم‌چوارینەی لەسەر نوسیوە:

بۆ کورد بەرزی‌یە صلاح الدینی
بوو بە سەرکردەی لەشکری خەبات
نەك هەر بۆ کوردو خاکی شیرینی
(بۆ هەمو گەل‌و خاکی رۆژ هەڵات)

ئنجا مەلا (محمد جمیل عوثمانی - جیمۆیی‌ناو) بەم پێشەکیە کتێبەکەمان پێ ئەناسێنێت کە تیادا ئەڵێت : (لەخوێندەواران نەشاریتەوە ئەوروپا لەپێش جەنگی صەلیبی تەواو نەزان بوون ، لە کاروباری زانایی جەنگ‌و پیشەسازی‌و هەڵسورانی کاروباری دەوڵەت‌و لەهەموو زانایی‌یەکی عەقلی‌و عەمەلی بێ بەش بوون روناکی هیچ چەشنە زانستی‌یەك نەکەوتە ئەوروپاوە تاوەکو تێکەڵ ئیسلامەکان نەبوون – بە بونەی جەنگی صەلیبی‌یەوە . ئەم وتارەم وەنەبێ لە گیرفانی خۆمەوە دەرهێناوە بەڵکو هەموو مێژوو زاناکانی ئەوروپا وتویانەو پێی لێ‌ئەنێن‌و ئەنێن‌و لەنوسراوە مێژوویی‌یەکانیانا باسی جەنگی صەلیبی هاتوە سەرەتای باسەوە وتویانە جەنگی صەلیبی هەرچەندە زۆر بە گران نشتە سەر ئەوروپا هەرچەندە گیان‌و ماڵێکی زۆری تیا فەتارەت چوو بە بێ ئەوەی بە ئامانج بگا بە بێ ئەوەی لە خاکی ئیسلام بستێ داگیر بکات کەڵکێکی زۆری بوو . چونکە ئەوروپا بە بۆنەی ئەم جەنگەوە تێکەڵ موسوڵمانەکان بوون‌و ئەوانەوە فێری پیشەسازی‌و بازرگانی‌و کشت‌و کاڵ‌و هەموو چەشنە زانستی رەوشتی باش بوون‌و لەم بابەتەوە دەسیان کرد بە نووسینەوەی‌هەموو خوو یەکی خراپیان وەکو کراسە کۆن لەبەر داکەن‌و فرێیان‌داو گۆڕی‌یان بە رەوشتی باش وفێری هەموو چەشنە زانستی‌یەك بوون. ئەوروپا هەربەم چەشنە وڵاتی ئەندلس بووبە چرای دیوی رۆژ ئاوای ئەم دیوەی ئەوروپا ئەئەندەلسی ئیسلامی چەشنە زانستی‌یەکی پەنهانی ئەوتۆیان چنگ کەوت کە هێشتا مەلۆتکە بوو بە بۆنەی شەڕو شۆڕی ناوخۆوە دەرنەکەوتبو بڵاو نەبوەوە کە وەختێك گەیشتە ئەوروپا لە کاتێکی زۆر کەم بوو بە لاوێکی دەست‌و بازوو ئەستورو بوو بە هێزێکی ئەوتۆ جیهانی هێنایە لەرزە)

محمد جمیل عثمانی لەکتێبەکەیدا بەدوورودرێژی باسی پەیدا بوونی ئەهلی صەلیب‌و کاروانەکانیان بەرەو رۆژهەڵات‌و داگیرکردنی شاری (قودس)و تا رزگارکردنی بەهۆی قارەمانێتی (صلاح الدین ئەیوبی)یەوە بەدورو درێژی‌و بە خەست‌و خوڵی تیادایە .

لەم لاو لەو لاوە هەندێك لەنوسەرانی غەیرە کورد ویستویانە (صلاح الدین ئەیوبی) نە کوردێتی دەربکەن لەم دوایی‌یەدا مەلایەکی سامەرانی لەبەغداد لە نامیکلەیەکدا نەك هەر صلاح الدین بەڵکو زوربەی نبەماڵە کوردەکانیشی بۆ خۆی برد بوو لەکاتی خوێندا وەڵامی درایەوە . لەناو خوشماندا برێك لە رۆشنبیرانمان ئەڵێن جا صلاح الدین چی بۆێمە کردوە ؟ ئەوە نازانن کە لەو سەردەمە هەستی نەتەوایەتی نەبوە. ئاینی مۆسوڵمانێتی پاڵی بە صلاح الدینەوە ناوە کەموسوڵمانە کان لەژێر بەیداخی خۆیدا کۆبکاتەوەو دوژمنی داگیرکەری پێ دەربکات ، لەکاتی بیرەوەری چل ساڵەی مێژوونوسی بەناوبانگ محمدئەمین زەکی بەگ کە لەرۆژی ١٩٨٨/٧/٩ لەسلێمانی گیرا هەمان ووتەووت سەری هەڵدا . ئەوەبو (د – عزالدین مصطفی رەسول)شێرانە هەستاو لەناو ئەو هۆڵەدا دەنگی بەرزکردەوەو ووتی (بۆ ئێمە شانازی‌یە لەو سەردەمەدا صلاح‌الدینێکمان لێ هەڵکەوت بەربەستی لێشاوی داگیرکەران بگرێ‌و نەیەڵی لەکەناری دەریا بەولاوە پێ دابنێن) .

بابزانین (جیمۆیی‌ناو)ی لەمەڕ خۆمان چ بەڵگەیەکی بۆ کورد بوونی (صلاح الدین)ی هێناوەتەوە . لەلاپەرە (٣٩)ی کتێبەکەیدا ئەڵێت :

(... هەموو مێژوو باوەرپێکراوەکان دانیان بە کوردێتی ئەم زاتەدا ناوە . وەك تأریخی (الکامل) کە هي (ابن الاثیر)ە کە خۆی حازری شەڕەکانی صلاح الدین بوە لەگەڵ فەرەنگدا . (أبو الفدا) سلطانی شاری حەما خۆی لەنەتەوەی صلاح الدینە ئەویش لەتألیفەکەی – المختصر في أحوال البشر – نەسەبی صلاح الدینی بەکورد دەربریوە کاتی بە ناوبانگی تورك – نامق کمال – لە کتێبی – أوراق پریشان – اعترافی بە کوردێتی ئەم زاتەکردوە جگە لەمانە شاهیدی بە قوەتمان هەیە :

١- باپیری صلاح الدین ناوی (شادی)یە ئەمە کەلیمەیەکی کوردی‌یە
٢- مامی صلاح الدین ناوی (شێرکۆ) یانی (شێری کێو) دوو کلیمەی کوردی‌یە .
٣ (اعتمادی صلاح الدین بەسەربازە کوردەکان بووە ...)

ئەمەبوو چەند لاپەرەیەك لەسەر یەکێك لە ئەدیب‌و نوسەرانی کفری‌و دەوروپشتی نووسی کە تا ئێستا هیچی لەسەر نەنوسراوەو خەریك بوو ناویشی بکوژێتەوە .

o